# تێڕامان لە ئاو
# زەریا ئاسمانێکی ترە، ئاسمانێکە لە ئاو

سەردار عەزیز



تێڕامان لە زەریا، وەک تێڕامان وایە لە تابلۆیەکی ئەبستراکت، بەڵام جیاوازیەکەیان لەوەدایە کە زەریا تابلۆیەکی ناجێگیرە. تابلۆیەک کە بە خێرایی و هەمیشە دەگۆڕێت. ئەگەر مەبەستی سەرەکی تابلۆی ئەبستراکت، ختۆکەدانی هەستە، پێش هەموو شتێک ئەوا زەریا بە هەمان کاریگەری ختۆکەی هەست ئەدات.

ئەوەی لە تابلۆی ئەبستراکتدا دەبینرێت، ڕەنگە لە شێوازێکی تایبەتە. ڕەنگە کە وەهات پێبکات لە بەردەمیا، دڵت بخورپێ، هەست بکەی بەرەو ڕووی ئاسۆیەکی نا کۆتایی بخرۆشێی، دڵتەنگ بیت، یان بە پێچەوانەوە بحەسێیتەوە. ئەبستراکت پرسیارت لا دروستناکات، دیمەنێکت ناداتێ هەتا لە ڕێگەی زمان یان ئەقڵەوە بیری لێبکەیتەوە، بتەوێ لێی تێبگەی.

تێڕامان لە ئاو، تێڕامان لە زەریا، بە هەمان شێوەیە: بەڵام زۆر تۆختر، زۆر کاریگەر تر. ئاوی زەریا، ڕەنگاڵەیە، ناکۆتایە، لە هەمیشە جوڵەدایە. زەریا لە ڕێگەی ڕەنگیەوە، لە ڕێگەی دەنگیەوە، لە ڕێگەی جوڵەیەوە، لە پەلوپۆت ئەخات. کاتێک بە پانتاییەکی بەرینی ناکۆتا بە ئاو، دەورەئەدرێیت، هەستئەکەی بچکۆلەی، بێ توانای، دەستەپاچەی. ئەگەر هونەری شێوەکاری کارێکی سینەماییانەی وەستاوە، ئەوا زەریا

کاریکی سینەماییانەی ڕاستەقینەیە. بە پێی هەندێ سینەماکاران، ڕامبرانت یەکەم سینەماکاربوو. ڕامبرانت عەشقی گۆڕانەکانی خۆی بوو. زەرای ئەو بونەوەرەیە کە لە گۆران ناکەوێت.

کە لە بەیانیاندا لە زەریا ئەنوێنی، ناچارت ئەکات ڕامێنی. لەوێنەدا کە خۆر تیشکی ئەخاتە سەر، هەست ئەکەی شکانەوەی تیشکەکان جریوەجریویانە. بریق و باقەکەی دەڵیی بوکی دڵتەڕە بۆ سەرچۆپی ئەچێت. لەو پانتاییانەی کە سێبەرە لە کرێکارێکی ماندوو ئەچێ، کە نایەوێ لە خەوهەستێ و ژیانی بکاتە سوتەمەنی سیستەمێکی بێدڵ. دەیەوێ بنوێ. تۆخ تۆخ و مەخمەڵیە. خاوەو نایەوێ ببێتە بەشێک لە هیچ. لەو بەشانەیدا کە تەنکە، ڕووناکی سەوریەکی کاڵی قەرسیلی، ئەگەر لادێی بیت، یان لە وڵاتێکی هەمیشە تەڕی، هەمیشە سەوزی، وەک ئایرلەندا بژیت، ئەوا هەست ئەکەی گیای دڵتەڕە کە ئەیەوێ لەگەڵ بادا سەما بکات.

کە لە کەنارەکان بنواڕی جەنگێک لە ئارادایە. مێژوویەکی دێرین خۆی نمایشدەکات. شەپۆلەکان دێن و بەردەکان بەردەوام و بێوچان، ئەگەر وەک من کوردبیت، گوێت لێیە، هاوارئەکەن، لێرە ناڕۆین، لێرە ناڕۆین، بەڵام بەردەکان وەک ڕوومەتی ماسیگرەکان پڕن لە هێڵ، لە درز، لە شەق، لە توێژی ڕۆژگار. کەس نازانێ مەبەستی شەپۆل چییە. ئاوە و دەیەوێ بچی بۆ غوربەت. سەربازی گوێڕایەڵی زەریایە دەیەوێ ئیمپراتۆریەتەکەی فراوانکات. یان زەریا لە دڵیا خەمێکی گەورەی حەشارداوە، لە بێزارییا ئەلەرزێ.

لە هێمنیا زەریا لە قەفەسەی سنگت ئەتهێنێتە دەرەوە، هەست ئەکەی هێندە فراوانی کە چاوت کۆتایی خۆت نابینێت. لە هێمنیا زەریا دەیەوێ ببێتە دۆست. نەرم نەرمێ زیخەڵانەکە ڕائەژەنێ، وەک کچی مەکربازی ئەوروپی دەیەوێت شوت پێبکات.

چیرۆکی زەرای لەگەڵ بادا، چیرۆکێکی ترە. چیرۆکی سەمایە، چیرۆکی سەر هەڵگرتنە، بەڵام لە هەناوی ئەم پێکەوەبوونەدا نەگونجانێک هەیە. با دەیەوێ بە ئارەزووی خۆی زەریا ڕاژەنێ. گەرچی زەریا هەمیشە لاسارە، بەڵام جگە لە گوێڕایەڵی هیچ چارێکی تری نییە. خەتای بایە کە بەردەکانی کەنار ناچارئەبن شەپۆلەکان بکوژن.

مرۆ لە بەردەم زەریادا ناتوانێ بێ هەڵوێست بێت، بەڵام سەرباری ئەوە، ئەو خود نییە کە خاوەنی هەڵوێستە. ئەوە ناخێکە کە بۆ دۆستێکی وا ئەگەڕێ تا هاورێیەتی بکات. زەریا لەگەڵ نائاگاییماندا دەکەوێتە ئاخاوتن. لەپەلوپۆمان ئەخات و زەریایەکی تری ناخمان ئەهێنێتە جۆش. کاتێک زەریا لەگەڵ ناخدا دەکەوێتە گۆ، ئیتر جەستە و ئاوەز و خود دەبنە تەماشاکەر. تەماشاکەری شانۆیەک کە دوو دۆستی بەیەک ئەگەن.

گەورەبوون لەگەڵ زەریادا گەورەبوونە لەگەڵ بوونەوەرێکی مۆدێرندا. مۆدێرنە وەک مارکس دەڵێ شلە، هەموو ڕەقێکیش شلئەکاتەوە. مۆدێرنە هەروەها دەریاش، لە شلۆقدایە، لە گۆڕاندایە، لە جوڵەدایە. ڕەنگاڵەیە، چەندێک بەرین و فراوانە هێندەش پڕ لە ترسە. گەرچی سنورەکان ئەسڕێتەوە و ئەگەری ئەوەی هەیە بتبات بۆ هەموو شوێنێک، بەڵام ڕەنگە لە تینوێتیدا بتخنکێنێ، یان هەروەها لە ئاودا.

### دراوسێیەتی زەریا

گڵۆپەکە هەڵدێ و دادێ. ئەوەماڵی ڕووناکییە light house. لەوێشەوە زەریای ئەتڵەسییە. ماڵەکە ڕەنگی سپییە. ئەوەندە لە زەریاکەوە نزیکە هەندێ شەپۆلی سەرکێش لە دەرگای حەوشەکەی ئەدەن. ئەو ماڵە بۆیە لەوێدا بونیادنراوە هەتا بە کەشتیوانەکان بڵێت: بیرتان نەچێت، لێرەوە وشکانی دەستپێئەکات. ماڵەکەی ئێمە لە بەرامبەر ماڵی ڕووناکیەکەدایە.

من لە پەنجەرەوە دەنوارم و بیر لە ماڵی ڕووناکی ئەکەمەوە. ماڵی ڕووناکی ماڵێکە ڕووناکی تیا نیشتەجێیە. ڕووناکی زمانی ئاخاوتن و پەیوەندیکردنی ئەو ماڵەیە لەگەڵ دونیادا. کە زمانت ڕووناکی بوو، ئەوا پێویستت بە تاریکییە تا بتوانی بدوێی. بۆیە لە ڕۆژدا، ماڵی ڕووناکی دەنوێ.

ماڵی ڕووناکی لە ڕێگەی ڕووناکییەوە دەڵێت: ئەی کەشتیوانی ماندوو، ئەمە سنوری دونیایەکی ترە. ئەوەندە لێرە نزیک نەبیتەوە. لێرە بەدواوە تۆ ناتوانی سەوڵ لێدەی.

لە نێوان ماڵی ڕووناکی و ڕۆشنبیردا چەند لێکچوونێک هەیە. ڕووناکبیر هەروەها هەڵگری ڕووناکییە. بیرێکی ڕووناک. وەک چۆن ماڵی ڕووناکی ڕۆشنایی دەکاتە زمانی ئاخاوتنی وەهاش ڕووناکبیر ڕووناکی بەکاردەبات. ماڵی ڕووناکی ئەرکی ئاگادارکردنەوەیە، ئاگادارکردنەوە لەوەی نەوا گەمێوانەکە کەشتیەکە بە ئاقارێکی هەڵەداببات. هەروەها کاری ڕووناکبیر هۆشیارکردنەوەیە نەبادا بەلەمی کۆمەڵگە لە بەردە سەختەکانی نامرۆڤبوون بدات. وەک چۆن ڕووناکبیر دەبێ لە نێوان تاریکی و ڕووناکیدا جیاکاری بکات، بەهەمان شێوە ماڵی ڕووناکی لە نێوان ئاوو وشکانیدا کاری جیاکردنەوەیە.

### توتڕک

توترک دڵ ناسکە. بەدەگمەن نەبێ تەنیا نین. هەمیشە هێشوویان هەیە و وەک پێشمەرگە خۆیان مەڵاس داوە. توترک ماڵی هەیە، ماڵەکەی بە درک دەپارێزێ ئەگینا زوو زوو دڵی ئەشکێ. توترک تەنانەت عاشقیش ئەبێت. لەگەڵ وەنەوشەدا دەچێتە ژووانەوە. هێندە ناسکە دڵی شاعیر دێنێتە خرۆش. دڵم بۆ تەڵێ وەنەوشە لە بن ماڵی توترکا پەرۆشە، گۆران دەڵێت.

### گۆران

بۆچی ئەو دەریای لا جوان نەبوو. بۆچی کانی ڕێگەی نەدا هەست بە جوانییەکیتر بکات. ئایا دڵی بۆ ماڵ ئەسووتا. دەریا لە نەریتی ماڵ تێناگات. بۆیە بەندەرەکان هەمیشە باوەشکراوەن. دەریاوانەکان لەگەڵ سۆزانییەکانا جوتن. بۆچی سیاسەت دزە ئەکاتە پەیوەندی ئێمە و سروشتەوە. ئایا گۆران هەستی بە کەمیی ئەکرد، بۆیە ترسا بڵێ دەریاش جوانە. ئایا بۆئەوەی مرۆڤ هەموو دونیای خۆش بوێت، پێویستە لە ماڵی خۆی بمێنێتەوە. کانت هەرگیز شارەکەیانی جێنەهێشت؛ کەچی لە هەموو دیدێکیا جیهانیی بوو.

### میوانداری زەریا

ئێمە لە شارەوە هاتین، هەتا لێرە بۆ چەند هەفتەیەک دراوسێیەتی زەریابکەین

لە سپێدەدا، لەگەڵ نامۆدا، شەرمی ئاونگ ئەشکێنین و توترک لێئەکەینەوە. کە مزریەکەی ڕوومەتمان چرچ ئەکات، من ئەڵێم، دەبێ بچین بۆ گەرمیان، هەندێ گەرمایی قەرزکەین، هەتا ئەم توترکانە بگەیەن. گەرمیان و گەرمایی و گەین، من ئەخاتە سەر سۆزێکی دڵتەنگیی. لە ئاسۆ بەرینەکە ئەنوارم و دەمەوێ بڕۆم بۆ شوێنێتر.

پاشان بەسەر تاتەبەردەکانا تا زیخەڵانەکە ئەڕۆین، لەوێ شەق شەقێن لەگەڵ شەپۆلەکانا ئەکەین. کە شەپۆلەکان بە غار دێن، نامۆ ئەحەپەسێ، دەیەوێ پاشەکشەبکات. زیخەکان، وەک کچی شەرمنی لادێیی نوقورچ لە پەنجە توتەی قاچمان ئەگرن و پێمان دەڵێن لێرەبن، میوانمان بن، بەڵام ئێمە بۆیە هاتووین هەتا میوانی زەریابین. لەوەناچێ زەریا ئارەزووی میوانداری بکات.

## سێ-رسکێن

که گەمێکه به لۆقه لۆق تێئەپەڕێ، ئێمه تاتەبەردێکی ڕەنگ کوردی و شەش زیخی ڕەنگ چۆلەکەییمان هەڵگرتووه، خاو خاوێ هەورازەکه ئەبڕین، ماڵ له پەنای گردەکەیه. پاش قاوەتی لەگەڵ دایەدا سێڕسکێن ئەکەین و ئینجا له پەنجەرەوه له زەریا ئەنواڕین، بەڵام نامۆ پاش خواردنی هێلکه جارێکیتر بزێودەبێتەوەو دەیەوێ بڕۆینەوه بۆ دزینی توترک.

## گوڵە کێویله

پاش نیوەڕۆ، دەڕۆین بۆ خوازبێنی گوڵە کێویله. هەندێکیان جگه له پەپووله ژوان بەکەسیتر نادەن. هەندێ تریان ئارەزوی قەیرەیی ئەکەن، برێ کەمیان خولیای کۆچیان هەیه و حەزئەکەن له ئینجانەدا بمرن، بەڵام نامۆ ئارەزوی گوڵ ناکات. بۆئەو جوانی له تامدایه. یان له خەیاڵێکی خەیاڵنەکراو. بۆیه گوڵەکان بەجێ ئەهێڵێ و پەلکێشم ئەکات بۆ ماڵی توترک. لەوێ کەس سڵاوی ئێمه ناسێنێتەوه، ئەرزوحاڵێ پێشکەش ئەکەین، کەس نایخوێنێتەوه، درک پاسەوانەو تەنها چێژ له ئازاردان ئەچێژێ.

## تەم

یەکشەممه تەمتومان هات. هێواش هێواش به گردەکەدا هەڵزنا و ماڵەکانی ئەوبەری داپۆشی. پاش ساتێ جگه له گڵۆپی ماڵی ڕووناکییەکه ئەوەندە شتیتر نەئەبینران. تەمتومان گەشته باخچەکەو گوڵە وردیلەکانیشی داپۆشی. تەم ئاوه تامەزرۆی سەفەر ئەکات. ئایا بۆئەوەی سەفەر بکەین دەبێ دۆخی بوونمان، شێوازی هەبوونمان بگۆڕین. ئاو که دەبێته تەم دەفرێ. دەتوانێ خۆی بداته دەست با-و بۆ دەڤەری دوور بڕوات. ئایا جێهێشتن پێویستی به گۆڕانه. ئایا ئاو ناچارئەکرێت بڕوات، یان ئارەزوو ئەکات.

## چۆلەکە

له شار چۆلەکه نییه. ئێمه که گەشتینه ئەم گوندەی قەراخ زەریا پۆلێ چۆلەکه بەخێرهاتنیانکردین. چۆلەکه گەرمیانم ئەخاتەوه یاد. منداڵی گوند. ئەمگەڕێنێتەوه بۆ دونیایەکیتر. بۆ یادەوەرییەکانی کیشوەرێتر، بۆ جۆرێکیتر له زیندەگی. جاران وەهام ئەزانی چۆلەکه بێ مرۆڤ هەڵناکات، بەڵام من له شار چۆلەکه نابینم. نامۆ لێره بۆ یەکەمجار لەگەڵ چۆلەکەدا یەکترناسینیانکرد.

## پەپووله

وەک ڕۆشتنەکانی نامۆ، پەپوولەش به شێوازێ ئەفرێ که من لێی تێناگەم. جوانیی، چێژ، دەربڕین، ئەمانه هەموو شێوازی تریان هەیه. ئایا پەپوله دەڕوات یان سەما ئەکات. من که له نامۆو پەپووله ئەڕوانم بەزەییم به خۆمدا دێتەوه.

## پەیکەر

له سوچێکی باخچەکەدا پەیکەری کچی منداڵ هەیه. له ڕۆژانی خۆردا نامۆ دەچێت دەست ئەکاته ملی و لەگەڵیا دەکەوێته ئاخاوتن. جارجارێک پەنجەی بۆ دەریا درێژ ئەکات. پەیکەرەکەش حەزی له هاوڕێیەتی نامۆیه.

## باران

که باران ئەبارێت، یادەوەرییەکانم ئەکوژێنەوە. لە بەشە شووشەییەکەی ماڵدا دائەنیشم و لە ڕەنگە قورقوشمییەکەی زەریا ئەنواڕم. لە ژێر باراندا زەریا خەواڵو دەنوێنێ. ماسیگرەکان دەبینم چارۆکەکانیان هەڵئەدەن و دەکەونە قەرزکردنی با.

## گەمێ

ئێوارەیەو، بە نێو تەمتومانێکی ناسکدا کەشتییەکی گەورە گەورە تێئەپەڕێت. هەر زوو لە نیگا ون ئەبێت. لە سەر پشتی خەڵک و شمەکی هەڵگرتووە بۆ سەرزەمینێتر. کۆتاییەکانی سەدەی ڕابوردوو من بە کەشتی هاتم. سەفەرێکی سەخت بوو، تا ئەوپەڕی تینووی گەیشتن بووم. کە کەشتییەکە لەنگەری گرت، بە تەنها بە هۆڵی گەیشتندا تێپەڕم. هێشتاکە دەریا دیاربوو. کە گەیشتم، گەیشتن لێم جیابووەوە. لەو ساتەوە بۆیئەگەڕێم.

